کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-11-2007 21:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بیرەوەرییەکانی کاک نەوشیروان مستەفا ... جەلادەت بەدرەدین

تازەترین میتۆدی نوسینەوەی مێژوو، بایەخێکی زۆر بە بیرەوەری کەسەکان و پاڵەوانەکانی ناو ڕوداوەکان ئەدات. بەو پێیە ئەم بیرەوەرییانەی کاک نەوشیروان کەڵکی باشیان بۆ مێژوو نوس هەیە. لە ئەڵقەی یەکەمەوە، هەموو ڕۆژێک بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەڵقەی داهاتوو بووم. یاداشتی وەها تا تەواو نەبێ هەرچی لەسەر بڵێی هەقی خۆیی نادەیتێ، بە باش یان بەخراپ. کاک نەوشیروان لەو 12 ئەڵقەیەدا، سەدان ڕوداوو کۆبونەوەی یاداشت کردووە. بەشی هەرە زۆریان بۆ ئێستا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام ئەو شتە کەمانەی وتونی، دەلالەتی زۆریان هەیە. هەندێک لەو شتە گرنگانەی لە زاکیرەما تۆمار بوون، لە خوارەوە بۆ ئەو خوێنەرانەیان تۆمار ئەکەم کە بەباشی نەیانخوێندۆتەوە: 1- کاک نەوشیروان لەسەرەتاوە لە مناقەشەی قانوونی جنسیەی عێراقی و ڕەشنووسی (قانون ئدارە الدولە العراقیە للفترە الانتقالیە) دا بەشدار بووە. نەخۆشییەکەی بۆتە ڕێگر لە گەڕانەوە بۆ بەغدا، بەڵام بۆچوونەکانی خۆیی بە دەم و بە نووسین بە سکرتێری گشتی یەکێتی داوە. بە نوسینیش هەم لە کوردستانی نوێ دا (ژ3264، 2004/1/7) و هەم لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارەکانی (9182 و 9215) هی ڕۆژەکانی (1/18 و 2/20 ی 2004) دا بلاویکردونەتەوە. واتە زیاتر لە 2 مانگ بەرلەوەی قانونەکە ئیمزا بکرێ، ئەم سەرنجەکانی خۆی لەسەر قانونەکە و لەسەر خواستەکانی کورد، بە سەرکردایەتی کورد و ڕای گشتی عێراقی، عەرەبی و عالەمی داوە. کە قانونەکە دەرچوو ئەم 2 مانگ زیاتر بوو لە بەغدا نەمابوو. 2- سەرکردایەتی کورد لە بەغدا ئەوەندە کۆک نەبوون. ئەم ڕاستی یە لەو پەرەگرافانەدا ئەخوینیتەوە کە، کاتێ تاڵەبانی سەرۆکی نۆرەیی مح بووە، مەسعود بارزانی نە خۆی و نە نوێنەرەکی بەشداری کۆبوونەوەکانی مح یان نەکردووە. لە ڕۆژەکانی دوایی دا چوون ئەویش لەسەر داوای برێمەر کە ئیشی پێیان هەبووە چونەتەوە بۆ بەغدا. 3- تاڵەبانی لە هیچ شتێکدا، چەند چارەنوسسازیش بوبێ پرسی بە حیزبەکەی نەکردووە. ئەم ڕاستییە لە زۆر شوێنی یاداشتەکەدا دەرکەوتووە، بەڵام 2 دانەیان باس ئەکەم: یەکەم: ڕێکەوتنەکەی 2003/11/15 ی لەگەڵ برێمەر ئیمزا کردووە، کەس ئاگای لێ نەبووە. لەم ڕێکەوتنەدا باسی فیدراڵی نەکراوە، کەچی بۆ چاوبەستەکێ لە گەلی کورد لە بەیانەکەدا باسی فیدراڵی کراوە کە هیچ نرخێکی قانوونی نەبووە. دووەم: ڕۆژی 2004/3/18 کاتێ سەفیر ڕۆناڵد نیومان چووە بۆ سەردانی سلێمانی، لەوێ کاک نەوشیروان، کاک کۆسرەت، د. کەمال فوئاد و کاک عومەری سەید عەلی دیوە. ئەم چوارە یەکێکیان جێگری سکرتێری گشتی و 3 کەی تریان ئەندامی (م. س) ی یەکێتی و لە قوتبە بەهێزەکانیش بوون، کەچی لە گێڕانەوەکەی کاک نەوشیروانا دەرئەکەوێ ئەو چوارە هیچیان بە قانوونەکە ڕازی نەبوون و پێشتر تاڵەبانی پرسی پێ نەکردوون. 4- کاک نەوشیروان لەکاتی نەخۆشییەکەیا نامەی بۆ تاڵەبانی نووسیووە. لەنامەکەیا باری سەرنجی خۆیی لەسەر پرسەکانی بەغدا بۆ باسکردووە. هەمان ڕۆژ (2004/1/3) تاڵەبانی وەڵامی نامەکەی نەوشیروانی داوەتەوە و بوێ نووسیووە: لەگەڵ هەموو بۆچونەکانتم، کاتێ (وقفە مع الصدیق) هاتووە. کەچی کە چۆتەوە بۆ بەغدا کاری بە ناوەڕۆکی نامەکەی کاک نەوشیروان و وەڵامەکەی خۆی بۆ کاک نەوشیروان نەکردووە. لەوەش خراپتر: کاک نەوشیروان ناوەڕۆکی نامەکەی پێشویی کردووە بە وتارێک و لە ژمارەی ڕۆژی 2004/1/7 ی کوردستانی نوێدا بلاویکردۆتەوە. وتارەکە ئەم ناونیشانەی هەبووە (کورد و قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەماوەی گواستنەوە دا) . مستەفا صالح کەریمی ڕۆژنامەنووس ئەم وتارەی کردوە بە عەرەبی و ناردویەتی بۆ ڕۆژنامەی الاتحاد ی یەکێتی لە بەغدا بۆ بلاوکردنەوە، کەچی سکرتێری گشتی ڕێگەی نەداوە بلاوببێتەوە. وتویەتی ئەوە باری سەرنجی نەوشیروان مستەفا خۆیەتی هینی یەکێتی نییە. تاڵەبانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەماوەی 3 رۆژدا ئەو دوو شتە ناکۆکەی کردووە. بە نامە پشتیوانی لە بۆچونەکانی نەوشیروان کردووە، کەچی رێگەی نەداوە وتارەکەی بەعەرەبی بڵاوببێتەوە. ئەمەی لەگەڵ جێگرەکەی خۆی کردوە، جاوەرە کوردی قورپەسەر چەند شتت لێ شاردرابێتەوە؟ 5- پیتەر گالبرێس، کۆنە باڵوێزی ئەمەریکا، سیاسەتمەدار و 14 ساڵ ئەندامی لیژنەی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی بوە. گالبرێس دۆستێکی زۆر بەوەفای کوردە. لە دڵسۆزیی و دۆستایەتی دا بۆ کورد ئەکرێ بشوبهێنرێ بە دڵسۆزی لۆرانسی عەرەب، بۆ عەرەب. ئەم دۆستە دڵسۆزەی کورد دوراییی هەزاران کیلۆمەتری بڕیوە، لەئەمەریکاوە بە پرۆژەی نووسراوی خۆیەوە هاتوە بە کورد بڵێ چۆن چۆنی دانوسەندن لەگەڵ ئەمەریکا، یانی لەگەڵ حوکمەتی وڵاتەکەی خۆی بکا بۆ ئەوەی مافەکانی کورد زامن بکرێن. ئەو گالبرێسە چۆتە لای مام جەلال پرۆژەکەیی بداتێ، کەچی ئەو نە پرۆژەکەی لێوەرگرتووە و نە گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی شل کردووە. راوێژکاری وەها، هی ئەوەیە بە ملیۆنان دۆلار بەکرێی بگری بۆ پیشاندانی رێگا، کەچی بە نان و پیازی خۆشییەوە هاتووە مامجەلال گوێی لی نەگرتوە. ئەمە لە یاداشتی 4/2/2004دا بخوێنەرەوە. 6- لەهەموو دنیادا باوە: کەسە توونند، شارەزا و دڵسۆزەکان لەگەڵ تەرەفی بەرامبەردا گفتوگۆ ئەکەن بەخاتری ئەوەی زۆرترین ماف مسۆگەر بکەی. هەرکەس دەربارەی گفتوگۆی، گفتوگۆکارانی کۆسۆفۆ، کەلەگەل ئەمەریکا و ئەوروپا، لەسەردەمی مادلین ئۆلبرایت دا دانوسەندنیان کردوە، خوێندبێتییەوە، ئەزانێ هونەری مفاوەزات یانی چی. نوێنەرانی کۆسۆفۆ کە میلەتەکیان لە چەند قوڵەوە لەشەڕدا بوو، پێویستیان بە پشوو هەبوو، لەگفتوگۆدا مادلین ئۆلبرایتیان تا لێواری شێت بوون بردووە. کەچی کورد لەو کاتانەدا کەسانی وەکو نەوشیروان پشتگوێ ئەخا و ئەوانە ئەبەن بۆ گفتوگۆ کە بەشەرمەوە چاو هەڵئەهێنن!!! 7- کاک نەوشیروان بەئاشکرا لە رۆژێکی بیرەوەرییەکانیا نوسیوێتی: تاڵەبانی و بارزانی خۆیان ئەچن بۆ گفتوگۆ، لە حاڵێکدا راست ئەوەیە نوێنەرەکانیان گفتۆگۆ بکەن و خۆیان دوایی بچن بۆ ئیمزا. بۆئەوەی بواری مانۆڕیان هەبێ لەگەڵ لایەنەکانی تر. ئەمە ئامازەیەکی ئاشکرایە بۆ نەناسینی هونەری گفتوگۆ لەلای سەرکردەکانی کورد. 8- رەئی نەوشیروان سەبارەت بە سیستانی و مقتدی ێدر و مەلاکانی سوننە و دەسوەردانیان لەساسەت بە رۆشنی دیارە. هەروەکو ئەوەشی بۆ رونکردوینەتەوە کە سیاسییەکانی عەرەب بە شیعە و سوننەیانەوە چەند دژی داوا رەواکانی کورد بوون. سەبارەت بە ئاشکراکردنی ئەم راستیانە دەستخۆشیت لێ ئەکەم. هیوادارم کوردستانی نوێ و نەزانەکانی یەکێتی زوو زوو تورەت بکەن، بۆئەوەی تۆش بیرەوەرییەکانی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.